# جەماوەری راپەریوی کوردستان بۆ بێدەنگن؟

مانگی دوازدەی ساڵی 1983 لەسلێمانیو ناوچەکانی دەوروبەری بووم. لەو کاتەدا بەشێک لەسەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بۆ وتوویژ لەبەغدا بوون و پەیتا پەیتا هەواڵ دەگەیشتە سلێمانی کە «لەوانەیە هەرئەمرۆ رێککەوتنەکە ئیمزا بکرێت»!

لەبیرمە لەگەڵ ژمارەیەک لە برادەرانی یەکیەتی چەندین جار بەدوورو درێژی باسی ئەوەمکرد کە بۆ پشتگیری لە دەستەی وتوویژکار و هەروەها بۆ نیشاندانی هێزی گەل و وەگەرخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری لەدژی حکوومەت وا باشە ئێوە داوا بکەن لەخەڵکی شار خۆپیشاندان بکەن. لەناوخەڵکدا ئەو ئامادەییە هەبوو. هاوکات باسی ئەزموونی خۆپیشاندانی جەماوەری لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشم بۆدەکردن. دیارە قسەو باسەکانم بە هێچکوییەک نەگەیشت!

ئەمرۆ سەدوپێنج رۆژە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان کراوە، بەڵام هێشتا لەو کوردستانەی کە هیچ شتەیەکی لە عێراق ناچێت و بەتایبەت باری ئەمنو ئاسایشەکەی بەتەواوی جیاوازە، بە پێچەوانەی عێراق، پارلەمانەکەی کۆنەبووەتەوە. لەو وڵاتانەی دیموکراسی زاڵە زۆرجاران حکوومەتێک، دەسەڵاتێکی سیاسی یان پارلەمانێک پاش سەد رۆژ هەڵدەسەنگێندرێت بۆئەوەی بزانن چەندە توانیویەتی بێتەناو کارەکانیەوەو هەروەهاش چەندە ئەو بەڵێنانەی کاتی هەڵبژاردن دابوویان جێبەجێیانکردووە. دەزگاکانی راگەیاندنیش ئەوقسەوباسانە دەخەنە پێشچاوی خەڵک. دیارە پارلەمانی کوردستان ناتوانێت سەبارەت بەم سەدوپێنج رۆژە هیچ بڵێت کاتێک کە هێشتا تەنانەت درگاکەشی نەکردووەتەوە؟

داخوا ئەوانەی بەفراوانی و بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بەکەڵکوەرگرتن لەهەموو دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبەکان هەموو هێزو توانای خۆیان بەکارهێنا بۆ راکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ئێستا دەتوانن وەک ئەوکات بێنە پێشەوەو وەڵامی ئەو دەنگدەرانەبدەنەوە؟ تۆ بڵێی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە ڕایگشتی لە کوردستان کەنگێ دێتە ناو فەرهەنگی دەسەڵاتی سیاسیو لایەنگرانیانەوە؟

ئەوەی لەکوردستان جێگای زۆر خاڵییە شەفافییەتە. هێندێک زانیاری هەن کە کۆمەڵانی خەڵک قەت لێی ئاگادارنابن. نوێنەرانی حکوومەتان و داموەدەزگا حکوومەتی وناحکوومەتییەکان دێن و دەچن، کۆبوونەوەی سەرکردایەتیو بەرپرسانی حیزبیو حکوومەتی دەکرێت و بەشی خەڵک لەو دانیشتنانە هەر چەند دێرێکی ستانداردە لەسەر میدیایرەسمی و ڕۆژنامە حیزبییەکان. هەبوونی پارلەمانێکی هەڵبژێردراوی خەڵک، حکوومەتێکی بەرپرس کە لەبەردەم خەڵکدا وەڵامدەرەوەیەو لەپەنای ئەوەشدا هەبوونی ڕۆژنامەگەریو میدیای سەربەخۆی ئازاد ئەمانەن کە نیشانیدەدەن کۆمەڵگایەک تاچڕادەیەک بەرەو دیموکراسی و کرانەوە رۆیشتووە.

پرسیارەکان زۆرن: چۆن پێشکوبوونەوەی پارلەمان سەرۆکو جێگریسەرۆکی بۆدیاریدەکەن؟ چۆن یاسایەک بەگرینگی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا هاوسەنگە لەگەڵ سەرەککۆمار بەبێ پرسی پارلەمان و بەبێ خستنە پێشچاوی پسپۆرانی یاساییو بەبێ ئاگاداری ئەوکەسانەی دەبێ پەیرەوی ئەو یاسایەبن، واتە خەڵکی کوردستان، لە نێوان دوو حیزبی دەسەڵاتداردا دەبڕێتەوە؟ چۆن دانیشتنی پارلەمان وەدوادەخرێت بەڵام پرسیارەگرینگەکانی لەمەڕ چارەنووسی گەلی کورد لەپشتی درگای داخراوی کۆبوونەوە

دووقۆڵییەکانی دووحیزبەکەدا بەدوورو درێژی باسی‌لێوەدەکرێت؟
 کریس کوچێرا لە راپۆرتێکدا کە لە هەولێرەوە بۆ رادیۆ نیونەتەوەیی فەرانسەی نووسیوە ئەڵێت: «بۆ رۆژی 30ی‌مانگی چوار هەموو شتەیەک دەستنیشانکرابوو، هەمووان ئامادەبوون . . . بەڵام دەبێت حیسابێکیش بۆ ئیشتیهای شانۆگەری لەدوایین خولەکەکاندا و هەروەها بۆ هەڵوێستی خۆکوژییانەی کوردەکان بکەین»! هەروەها باسی رەوتی کوردستانیو عێراقی و هەوڵەکانی کورد بۆ دامەزراندنی «عێراقێکی نوێ»دەکات. لەکۆتاییدا کریس‌کوچێرا دەنووسێت: « جەماوری کوردستان کە بێزارن لەوەی ڕێبەرەکانیان لەوەها کاتێکی هەستیاردا ناتوانن بگەنە ریکەوتنێک زۆر بەتوندی  داوەری لەسەر ئەم رێبەرانە دەکەن.»
ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی خەڵکی کوردستان بێدەنگن؟ بۆ چالاکانی سیاسی، رووناکبیران، نووسەران و شاعیرانو هونەرمەندانی بەدەربەست نایەنە مەیدان، ئیمزاکۆناکەنەوە، نامەی سەرئاواڵە نانووسن، کۆڕ و کۆبوونەوە ناکەن و لەسەر لاپەرەی رۆژنامە ناحیزبییەکان و لەسەر سایتەکان هەڵوێست ناگرن؟ ئەوانەی کە بە حەماسەوە داوایان لەخەڵک کرد بچن بۆ دەنگدان ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە رووبکەنە هەمان دەنگدەران و بۆیان روونبکەنەوە هۆی ئەم بارودۆخە و ئەم بنبەستە چییە؟
لەبیرمانە کە خۆپیشاندانی جەماوەری و هاتنەمەیدانی جەماوەر چ رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە نەهاتنی هێزی تورکیا بۆکوردستان، بزووتنەوەی بەرەوریفراندوم چەندە توانی خەڵک لە دەرەوەو لە ناوەوەی وڵات لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی لە دونیادا نیە حیسابنەکات لەسەر بزووتنەوە جەماوەرییەکان. بەڵام لەبێدەنگیدا دەسەڵاتداران چۆنیان پێ‌باش‌بێت کارەکانیان دەبەنە پێشەوە.
بێنەدەنگ بوونی ئێستا لەوانەیە ڕێگا خۆشبکات بۆ ئەوەی تەنانەت پارلەمانیش پاش دەستپێکردنی کارەکانی زۆر گوێرایەڵی بیروڕای گشتی نەبێت و لەسەر ئارەزوو و خواستی هێزەسیاسییەکانی بەشداردا کارەکانی بباتەپێش. وابزانم پاش ڕاپەڕینی کەم وێنەی خەڵکی کوردستان، پاش ئەو هەموو قوربانیدانو کارەساتەخوێناوییەو پاش نەمانی رژیمی بەعس، کورد نابێت بەکەم رازی بێت.
ئەحمەد ئەسکەندەری
15/5/2005